# پەنابردنی سایتی "کوردستان پۆست" بۆ درۆ هەڵبەستن، ئەرکیکە لەباتی دەزگاکانی ئاسایشی یەکیتی و پارتی لەئەستۆی گرتووە؟

چەند رۆژە سایتی کوردستان پۆست بەدوور لەهەرجۆرە پرەنسیپ و پیوانەیەکی شارستانی و راستی وتنەوە، دەستی داوەتە تەحریف وشیواندنی بەڵگەنامەکانی حیزب و بلاوکردنەوەی درۆ و هەلبەستنی ناراستی بەدەم حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق و رابەرانیەوە. گۆایە بەم شاکارەی دەتوانی خۆل بکاتە چاوی خەلکەوە و بیروڕای گشتی لەئاست سیاسەت وهەلویستەکانی حیزبی ئیمەدا بەلاریدابەریت. بەلام ئەوەی جیگای ئاماژەیە بابەتی کاری کوردستان پۆست لەم درۆ هەلبەستن و تەحریفاتانەیدا خەلکی کەرکوك و ئاوارەکانی ئەمشارەیە، گوایە ئەوە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقە کەپەیوەندی‌یان بە بەعسی‌یەکان و تورانی‌یەکانەوە کردووە بۆ گیرانەوەی ئەوکوردانەی گەراونەتەوە بۆشاری کەرکوك!! لەمەش زیاتر کوردستان پۆست دوای تەحریف و شیواندنی نامەیەکی هاوری تاهیر حسن کە سەبارەت بە مەترسی پیکدادانی قەومی ئاراستەی کوفی عنانی کردووە، گەرەکیەتی وانیشان بدات کە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەدژی گەرانەوەی کوردەکانی کەرکوکە!!

ئیمە نامانەوی لیرەدا بەدریژی وەلام بەم سیناریۆی درۆ هەلبەستن و ناراستی وتنەی کوردستان پۆست بدەینەوە، تەنها ئەوەندە نەبی کە جاریکی‌تر هەم نامەی هاوری تاهیر حەسەن بۆ کوفی عنان و هەم "بەلگەنامەی کەرکوك" بلاوبکەینەوە تا خوینەران خۆیان درۆ شاخدارەکانی کوردستان پۆستیان بۆ دەرکەوی و بزانن حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق چ هەلویستیکی ئینسانی و راشکاوانەی لەبەرامبەر مەسەلەی کەرکوك و ئاوارە کوردەکانی ئەمشارەدا راگەیاندووە. بەلام ئەگەر کوردستان پۆست پی‌ی وایە بەم دروهەلبەستن و تەحریفاتەیەوە دەتوانی ببیتە غەمخوری خەلکی ئاوارەی کەرکوك ئەوا جاریکی‌تر جگەلە درۆکردن هیچ شتیکی‌تری پیشکەش نەکردووە. بەتایبەتی کوردستان پۆستیك کەلەبری دەزگاکانی ئاسایشی یەکیتی و پارتی ئەرکی خۆشکردنی ئاگری شەری قەومی و هاندانی دەمارگیری نەتەوە پرستی گرتۆتە ئەستۆ تا خەلکی کورد زمان و عەرەب زمان و تورکمانەکانی شاری کەرکوك بەربداتەگیانی یەکتر کە تا دوینی منالەکانیان پیکەوە لەیەك قوتابخانەدا و خیزانەکانیان لە گەرەکەکانی ئەم شارەدا هاودەرد و هاوچارەنوس ژیانیان بردۆتەسەر، کوردستان پۆستیك کە گەرەکیەتی ببیتەدەزگای ئیعلامی پشتی جەبهەی سیاسەتی فاشیستانەو رەگەزپەرستانەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد تالەسەر حیسابی خەلکی شاری کەرکوك ئیمتیازاتیك لە نیو مەجلیسی حوکم و لەسەردارانی ئەمریکایی وەرگرن، ئەتوانی چ شتیك بیلت لەئاست ئەو هەموو ئەو راستی‌یە تالانەدا کەخەلکی شاری کەرکوك لە10 سالی رابردوودا و لەژیر سایەی هەردوو حکومەتەکانی هەریمی یەکیتی و پارتیدا بووبەبەشیان؟ ئاخر ئەوە هەرخەلکی شاری کەرکوك نەبوو کە لەولاتی خۆیاندا و لەژیر سایەی حکومەتەکانی هەریمدا نازناوی "ئاوارەکانی کەرکوك"یان بەسەردا دابرینرا و تائیستاش وەك ئاوارە لەژیر چادرو لەگەرەکەکانی "معسکر سەلام، خانوی ئەمنەکان، قوشتەپە و ناوەندەکانی شاری هەولیر و سلیمانی ژیانی ئاوارەیی دەبەنە سەر؟ ئاخر ئەوە هەر لاو و خەلکی بیدەراتانی کەرکوك نەبوو کەلەژیر سایەی ئەزمونە دیموکراتی و نویەیەکەی ناسیونالیزمی کورددا ناچار بەفرۆشتنی پارچەی لەش و خۆینی گیانیان کرا تا لەبیکاری و نەبوونی‌یدا بتوانن دەرامەتی رۆژیان بەدەست بهینن؟ ئایا ئەو خەلکەی شاری کەکوك کە کوردستان پۆست گەرەکیەتی بیان کاتە زەخیرەی سیاسی بۆ بۆرژوازی کورد، دەتوانی ژیان و داهاتویان لەوە باشتربیت کە لەژیر سایەی حاکمەیەتی حیزبەکانی ریبازی کوردایەتیدا چەشتیان و بینیان؟ پاشان جەنابی کارمەندانی کوردستان پۆست بەراستی دەتووانن هیچ بەلگەیەك بدەنەدەست خوینەرانی سایتەکەتان کاتیك تۆمەتی ئەوە دەخنە پال ئیمە کە گوایە پەیوەندیمان بە "کۆنەبەعسی‌یەکان و توارنی‌یەکانەوەهەیە"؟ بەراستی کردەوەی وا جگەلە شان و شەوکەتی سەرانی یەکیتی و پارتی وبزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورد کی‌ی‌تر دەتوانی بەنمونەی شایستەی ئەم تۆمەت لیدانەی ئیوەبیت؟ ئایا لیستی

دورودریژی "فایلی کۆنەبەعسیەکان" و ئەوانەی دالدەدراون بەناوی ئیمەوە پربۆتەوە یان بەناوی سەرانی یەکیتی وپارتیەوە؟

لەراستیدا ئیمە نازانین کوردستان پۆست وکارمەندانی بەبلاوکردنەوەی ئەم درۆ و دەلەسانەو بەم تەحریفات و شیواندنانەی چ ئیمتیاز و پارەیەکیان لەدەزگاکانی ئاسایشی یەکیتی وپارتی وەرگرتووە وەیا وەری دەگرن. بەلام ئەوەی لەم کارەیاندا رۆشنە ئەوەیەکە کەلەنیو بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کورددا وەك دەزگایەك بۆ پروپاگەندە کردن بۆ سیاسەتی پاکتاوکردنی قەومی و فاشیستی ئەحزابی خزمەتیك پیشکەش بکەن.

ناسیونالیزمی کورد و نەتەوە پەرستی کە بناغەی باوەرو سیاسەتەکانیان پشتی بەستووە بەئاوەژوو کردنەوەی راستیەکانی کۆمەلگا و ژیانی خەلك و بلاوکردنەوەی وەهم و خورافە، بەپیویست "پیشەسازی درۆکردن" و هەلهاتن لە دیالۆکی شارستانیانە و هەولدان بۆ لیخنکردنی فەزای سالمی بیرکدنەوە وزهنیەتی خەلك گۆشەیەك لە فەرهەنگی سیاسی ئەم بزوتنەوەیەو دەزگاکانی پیکدینی. ناسیونالیزمی کورد و حیزبەکانی تائەو جیگەیەی دەستیان داری گرتبیت بەپەلامارو کوشتن و شەرفرۆشی و تیرۆر، موخالیفانی خۆیان سەرکوتکردووە و ئەگەریش نەیان توانیبیت کەوتۆنەتە درو هەلبەستن و تۆمەتلیدان تالەم ریگایەوە باری سەرنجی خەلك بۆ ئامانجە دژەئینسانیەکانی خۆیان هەلخرینن، بۆ ئەم کارەشیان چەندین دەزگای بەرهەمهینەری درۆیان سازداوە وەیا کۆمەك کردووە. لەرۆژنامەی" رۆژنامە نوس"ەوە تا "هەوال" و "باسە رە" و ئینجا کوردستان پۆست زنجیەرەیەك دەزگان کەئەم ئەرکەیان لە ئەستۆگرتووە.

لەکۆتایدا ئیمە لیرەدا ورای پوچی و ناراستی هەموو ئەو قسانەی کوردستان پۆست کەدەرهەق بەحیزبی ئیمە بلاوی کردۆتەوە بۆ خوینەران هەموو خەلك رادەگەیەنین، هاوکات لەتەواوی قەلەم بەدەستان و رۆشنبیرانیك کەتینوی راستی وتن و ئازادی و خۆشبەختین، داوەدەکەین بە شیوەی گونجاوی خۆیان ئەم رەوشتەی کوردستان پۆست ئیدانە بکەن و بەبەجی هیشتنی ئەم سایتە هەلویست وەربگرن.

**حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق**

**ریکخراوی دەرەوە**

**2004/4/30**